# کۆمەڵگا ئازاد نیە .. گەر نیوەی چەوساوە بێت!

بە بۆنەی جەژنی جیهانیی ئافرەتانەوە ، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئافرەتانی کوردستان و ئافرەتانی دنیا ئەکەین.

ئەگەر چی تەنیا سی ساڵە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریداوە کە 8 ی ئادار ڕۆژی جیهانیی ئافرەت بێت ، بەڵام مێژووی خەباتی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانیان لەپێناوی مافە سەرەتاییە مرۆڤایەتییەکانیاندا زۆر لەوە کۆنترە و پێشنیاری تەرخانکردنی ڕۆژێک بۆ ئافرەتان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1910 کە لە دووەم کۆنگرەی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی ئافرەتاندا لە کۆپنهاگن کە 100 ئافرەت نوێنەرایەتی ئافرەتانی 17 دەوڵەتیان ئەکرد ، کلارا زێتکین ، ژنە کۆمونیست و تێکۆشەری ئەڵمانیایی ، پێشنیاری کرد کە ڕۆژێک بە ڕۆژی ئافرەتان دابنرێت.

هەرچەندە ڕۆژی ئافرەتان لە سەرەتادا وەک بزوتنەوەیەکی چینایەتی دەرکەوت ، بەڵام هەر زوو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوە هەمەجۆرەکانی سۆسیالیستەکان ، کۆمونیستەکان ، ئازادیخوازان ، پێشکەوتنخوازان و مافپەروەران ، بزوتنەوەکەیان گۆڕی بۆ بزوتنەوەیەکی سەرتاسەریی بۆ داکۆکییکردن لە مافە مرۆڤایەتیەکانی ئافرەتان و یەکسانیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کار و ئازادییاندا.

ئەمڕۆش کە یادی 97 ساڵەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە ئەکەینەوە ، لە هەمان کاتدا هاوپشتیی بێ پایانی خۆمان بۆ ئافرەتانی کوردستان دەرئەبڕین و بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنەیاندایین بۆ دابینکردنی مافە مرۆڤایەتییە ڕەواکانیان.

ئەگەرچی ئافرەتی کۆمەڵگای ئێمە لە هەموو سەردەمێکدا هەر چەوساوە بووە ، لە سەردەمی پەرلەمان و حکومەت و ئازادییشدا کە ئەبووایە زۆر لە مافەکانی دابینبکرایە! بەڵام بەداخەوە ، نەک هەر نەکراوە ، تەنانەت چەوسانەوەشی زیادتر بووە.

لەم هەزارەی سێیەمی مێژووی مرۆڤایەتیدا ، تا ئێستاش لەم وڵاتەی ئێمەدا هەر لە ڕوانگەی ئایین و خێڵەوە و بە عەقڵییەتی 1400 ساڵ لەمەوبەرەوە ، سەیری ئافرەت و مافەکانی ئەکرێت! تا ئێستاش هەر بەپێی یاساکانی بەعس مامەڵە لەگەڵ باری کەسێتی و کۆمەڵایەتی ئەکرێت! ئەوەندەی ئافرەتی کوردستان لەم شانزە ساڵەدا لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات کوژراوە ، سوتێنراوە و ئەتککراوە ، لە هیچ سەردەمێکی مێژووی گەلەکەماندا ڕووینەداوە! لە کاتێکدا کە هێشتا برینەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و شەڕە کوردکوژییەکانیشیان سارێژ نەبووە.

ئەگەر بمانەوێت بناغەی کۆمەڵگایەکی شارستانیی دابمەزرێنین ، ئەوا ئەبێت هەموو لایەک ئەو ڕاستییە بزانن کە کۆمەڵگایەک ئازاد نابێت گەر نیوەی چەوساوە بێت!

ئەبێت پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لایەنە سیاسی و پێشکەوتنخواز و شارستانییەکان ، هەموو پێکەوە هەوڵبدەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی باری ناهەمواری ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی ، خوێندن ، کار ، یەکسانیی لە هەموو ڕوویەکەوە ، تەندروستیی ، دابینکردنی باخچەی ساوایان و دابینکردنی موچە و یارمەتی لە کاتی سکپڕیی و منداڵپەروەردەکردندا و .. تد ، هەروەها بە یاسا و بە جێبەجێکردنیش ئەو مافانە بپارێزرێن.

لەم کاتەدا کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ، دانانی دەستوری کوردستان لە ئارادایە ، ئەبێت بە شێوەیەکی شارستانییانە و لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیروباوەڕە مرۆڤایەتییە پێشکەوتنخوازییەکاندا مافەکانی ئافرەتان لە دەستوردا جێگیربکرێن و بەندی حەوتی پێشنیارکراویش لابرێت و ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت جیابکرێتەوە ، چونکە ئەگەر ئایین سەرچاوەی دەستور و یاسا بێت! ئەوا نەک هەر مافەکانی ئافرەتان پێشێل ئەکرێن ، بەڵکوو تەواوی مافە مرۆڤایەتییەکانیش پێشێل ئەکرێن و کۆمەڵگا بەرەو دواوە ئەگەڕێتەوە ، نەک بەرەو پێش! ئەوەش لەگەڵ ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتیدا ناگونجێت.

ئێمە بە هەموو شێوەیەک توندوتیژیی بەرامبەر بە ئافرەتان ڕیسوا و تاوانبارئەکەین و داوا لە دەسەڵاتداران ئەکەین کە سنورێک بۆ کوشتن و سوکایەتی بە ئافرەتان دابنرێت و بە زووترین کاتیش تاوانبارانی کارەساتی ئێزدییەکان بدرێن بە دادگا و سزابدرێن و سنورێک بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان دابنرێت.

هەر بەردەوام بێت خەباتی ئافرەتان و پێشکەوتنخوازان لەپێناوی مافە ڕەواکانی نیوەی کۆمەڵدا.
سەربەرزیی بۆ شەهیدانی بزوتنەوەی ئافرەتان و قوربانییانی باوکسالاریی و تۆڵەی شەرەف!

**پارتی چەپی کوردستان**

2007-3-8